# دڵنیا ڕەزازی

# لەچاوەڕوانیدایە



**تایبەت بە میدیا/** چاوەڕێ بووم، ناونیشانی یەکەم ئەلبومی کچی هونەرمەندی کۆچکردوو مەرزیە فەریقی و ناسر ڕەزازیە کە لە ٧ گۆرانی پێکهاتووە. هونەرمەند مەرزیە فەریقی دەمێک بوو چاوەڕێی لەدایکبوونی ئەو سیدیەی دەکرد کە بەدەنگی خۆی تۆماری بکات و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا. گۆرانیەکانی ئەو ئەلبومە لەستۆدیۆکانی قاهیرەو عەممان تۆمارکراوەو، ئاوازی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرو دابەشکردنی موسیقاش لەلایەن هونەرمەندی میسری( یەحیا مەوجی) دانراوە. ئەرکی پەخش و بڵاوکردنەوەی لەلایەن رادیۆ نەواوە دەبێت کە بڕیاروایە لەساڵیادی کۆچکردنی مەرزیە ئەلبومەکە بڵاو بکرێتەوە.

گۆرانیەکان ٦ یان بە دەنگی دڵنیای کچی مەرزیەوە تۆمارکراوەو یەکێکیش بەدەنگی مەرزیەیە کە پێش ماڵئاوایی تۆماریکردبوو، هۆنراوەی گۆرانیەکانیش هی کۆمەڵێک شاعیری بەنێوبانگی کوردستانە.